# پێزانینی ئەمانە کاتی هاتن بۆ نەخۆشخانە باشە

ئەگەر زمانی سوێدیی بە باشی نازانیت مافی هەبوونی وەرگێڕت هەیە
لە پێوەندی لەگەڵ چاودێریی نەخۆشیی لە سوێد هەندێک شت هەیە مرۆڤ دەبێت بیری لێ بکاتەوە. شتی وا کە دەبێتە هۆی بەختەوەربوونی سەرلێدانەکە و ڕێکبوونی ئەو چاودێریی و دەرمانەی کە وەری دەگریت. نەخۆش و میوانی نەخۆش هەم خاوەنی مافن و هەم ئەرکدارن. چاودێریی نەخۆشیی لە سوێد ڕەنگە لەوەی کە ئێوە لە وڵاتی خۆتان پێی ڕاهاتوون جیاوازیی هەبێت.

## وەرگێڕ بەشێکی یەکجار گرنگە لە چاوپێکەوتنتان لەگەڵ خزمەتگوزاریی دەرمانیی

- ئەگەر وەرگێڕت پێویستە بەو دکتۆر یان سستەرەی کە حەواڵە دەنووسێت بڵێ و ڕای بگەیەنە کە ئی ژنت دەوێت یان پیاو.
هەروەها پێشیان ڕابگەیەنە کە دەتەوێت دکتۆر ژن یان پیاو بێت.
- منداڵی خۆت وەک وەرگێڕ بەکار مەهێنە
- کاتی سەردان لە نەخۆشخانە وا باشترە کە لە هێنانی هاوڕێی زۆر بۆ ژووری لێکۆڵینەوە خۆت لادەی. دەتوانیت بە تەنیا بێیت یان لانی زۆر یەک کەس لەگەڵ خۆت بهێنیت، تا بتوانین هۆشمان لای ئێوە بێت کە وەک نەخۆش هاتوون.

ئەگەر دەکردرێت مەسەلەی ئاگالێبوونی منداڵ جێبەجێ بکە تا لە هاتنت بۆ نەخۆشخانە سەرنج بدەیتە سەر چاودێریی و دەرمان و هەروەها پێویست نەکات هەست و بیری خۆشت بۆ شتی دیکە ڕابکێشرێت. نە کارمەندان و نە وەرگێڕەکان ئیمکانی ئەوەیان نییە لە کاتی لێکۆڵینەوەکەدا ئاگایان لە منداڵ بێت.

## ئەو کاتەی وەک نەخۆش دێیت

دکتۆری بنکەی تیمارسازیی حەواڵەیەک بۆ نەخۆشخانە و پسپۆڕەکانی وێ بەڕێ دەکات. پاش ماوەیەک وەختت بۆ دێ و بانگهێشتنت دەکەن بۆ نەخۆشخانە.
لە بیرت بێت کە نێوی ئەو دەرمانانەی کە بەکاریان دەهێنیت بنووسە یان لەگەڵ بۆ نەخۆشخانەیان بهێنە.

- کاتێ تۆ سەردانیی پزیشک دەکەی، لەلای کاسەکە خۆت ناونووس بکە و کاغەزی بانگهێشتنەکە پێشان بدە. کارتی ناسنامەکەت، کارتی خۆڕایی یاخود کارتی پارێزەی تێچوونی خەرجی پێشان بدە.
بە کارتی بانک یاخود لە ڕێگەی گیرۆی ئۆتۆماتیکی (autogiro)وە پارە بدە، بە شێوەیەک کە هەموو خەرجییەکانی چاوەدێریی نەخۆشیی ئەنجوومەنی هەرێمی لە ژمارەحیسابی بانکەکەتەوە ئۆتۆماتیکی ڕادەکێشرێ. دەشتوانی لە ڕێگەی قەبزەی پارەدان «ڕەسید»ەوە پارەکە بدەی کە بۆت دەنێردرێ بۆ ماڵەوە.
پارەدانی کاش لە 1ی مانگی 3ی 2010وە نەماوە.

ئەگەر ناچار بووی بچیتە بەشی تەنگافیی، باشترە لە پێشدا تەلەفۆن بکەیت.
ئەگەر هاتوو لە نەخۆشخانە خستیانی و مانەوەت لەوێ گیروگرفتی خێزانیی یان ئابووریی پێک دێنێت دەتوانیت داوای یارمەتی لە ڕاوێژکار بکەیت. داوا لە کاربەدەستانی بەش بکە تا لەو مەسەلەیەدا یارمەتیت بکەن.

## وەخت

لە سوێد لە بەرچاوگرتنی وەخت گرنگە. پێزانینی ئەوە بۆ بەرگریکردن لە هەڵە و کێشەی تێگەیشتن باشە.

- لە بیرتان نەچێت ئەگەر وەختی دیاریکراو بۆتان ناگونجێت ئەوا هەرچی زووتر بیدەنەوە بۆ ئەوەی خەڵکی تر بتوانن کەڵک لە وەختەکە وەربگرن و ئێوەش تووشی پارەدانی مزی نەخۆش نەبن.
هەروەها وەرگێڕەکەش دەبێت کاتەکەی بسسرێتەوە، بەڵام نەخۆشخانە خۆی ئەو کارە دەکات.
- بۆ خۆت باسی ئازارەکانت بکە و خۆت وەڵامی پرسیارەکانی کاربەدەستانی خزمەتیگوزاریی دەرمانیی بدەوە.
هۆش و سەرنجی خۆت بدە بەو ئازارەی کە بۆی هاتووی و وەختت بۆ گرتووەتەوە.

Landstinget i Östergötland

Bra att veta vid sjukhusbesök /Sorani

**ئەو کاتەی کە بۆ سەرلێدان دێیت**

گرنگ ئەوەیە کە مرۆڤ کاتی سەرلێدان لە نەخۆشخانە ڕەچاوی نەخۆشەکان و سەرلێدەرانی دیکە بکات. ئەگەر تووشی هەلامەت بووی مەیە بۆ نەخۆشخانە. دەتوانیت بە تەلەفۆن داوای ڕێنوێنی بکەیت.

سیگارکێشان لە نەخۆشخانە قەدەخەیە.

- مرۆڤ دەبێت کاتی سەرلێدان لە نەخۆشخانە کاتی دیاریکراو بۆ سەرلێدان ڕەچاو بگرێت و ڕێز بۆ ڕێوڕەووشتی کاری نەخۆشخانە و کاتەکانی خواردن دابنێت.

ڕاحەتی و ئاسوودەیی نەخۆشەکانی تریش ڕەچاو بگرن.

- ئەگەر لە حالەتێکی تایبەت بە هیچ شێوەیەک نەتتوانی ئاگالێبوونی مندالّ جێبەجێ بکەیت، داوا لە هاوڕێیانت بکە کە لە چاوەڕوانیگاکە یان لە قاوەخانەکە ئاگایان لە مندالەکان بێت.
- لە بیرت نەچێت کە کاتی پێویست بەرگی نایلۆن لە کەوشەکانت هەلّ بکێشیت.
- لە بەر خاتری نەخۆشە هەناسەتەنگبووەکان و ئالێرژیدارەکان (حەساسیەتدارەکان) دەتوانن لە جیاتی گولّ، شوکلات، میوە یان ڕۆژنامە بهێنن.
- هەروەها هەر لە بەر خاتری نەخۆشە هەناسەتەنگبووەکان و ئالێرژیدارەکان (حەساسیەتدارەکان) لە بۆنی توند و شتومەکی بۆندار خۆ بپارێزن.

کارمەندانی نەخۆشخانەکان لە سوێد بە باشیی ئاگایان لە نەخۆشەکانە. بیر لەوە بکەوە کە ئەو کەسەی کە هاتوویت سەری لێ بدەیت کاتێک کە دەگەڕێتەوە بۆ مالّ پێویستیەکی زیاتری بە تۆ هەیە.